# هەنگاوێک بۆ یەکلایی بونەوە



پیرەمێردێک هەبوو، دەیگوت: (ئەگەر دەتەوێت مەجلیسەک خۆش بێ، بلێ وانیە)،بەڵام وا پێدەچێ ئەو دەردە بڵاو بوبێتەوە، ئێستا رۆژانە خەڵک دەبینی هەر بۆ گەرمکردنی راگەیاندنەکانیان سەدای "ئەوە وانیە" بە گوێچکەی خەڵکدا دەدەن، بۆیە هەست دەکەیت ئەو بارودۆخە هیچی لێشێن نابێ!

پێت سەیرنیە کەقسەکەرمان زۆرترە لە گوێگر؟خۆشیەکە لەوەیە هەمووی باسی دنیایەک زانا و فەیلەسوف دەکات، لە ئەفلاتونەوە هەتا دەگاتە ئەوانەی دوایی، ناوەکانیشیانی باش لەبەر کردووە، بەڵام گەر بێتوو پێی رابگەیت چونکە لە قسەکردن زۆر خێرانە،ئەوە هەر ئەوەندەی لێ بپرسی ئازیزەکەم با باسی ئەفلاتون بکەین یەکێک لەو خاڵانەی لە پەروەردەی ئەفلاتون دەخوێندرێ ئەوە هونەری گوێگرتنە و بەدەستهێنانی زانیاریە لە رێگای پرسیارەوە نەک وەڵام، کەواتە ئەگەر گوێم لێنەگری ناتوانین قسە بکەین،باوەرم وایە هەر لەبەر ئەوەشە ئەو بەرنامانەی کە پێیان دەگوترێت چەلەحانە بازاری هێندە گەرمە چونکە لەو کەشە دەرونیە نزیکە کە پەروەردەی ئێمەی پێیدا دەروات !

لە کۆمەڵگەی پێشکەوتنخواز دژەکان پێکەوە دەژین، یەکێک لەو خاڵانەی کە لە هەندێک حالەت مرۆڤ توشی شۆک دەکات ئەویش هەر دەچێتە خانەی ئازادی تاکەوە، کە زۆر جار ئێمە بە سەیرەوە تێی دەروانین دەیدەینە بەر حوکمی لۆژیک، بەڵام لەبەر ئەوەی تارادەیەکی باش یاسایەکی دادپەروەر هەیە لەو وڵاتانە و بەیەک چاو سەیری گشت دەکات ئەوە دادگە دەبێتە یەکلاکەرەوەی کێشەکان نەک بریاری تاک و گروپ و حیزب و رێکخراوەکان، ئەمن لە مێژە بروام وایە تاکی کورد دەبێت واز لە مێژوو بهێنێ و بۆ مێژوونوسانی لێگەرێ، با ئەوان بە دواداچونی بۆ بکەن، کێ باشە و کێ خراپە، دەبێ بگەینە ئەو راستیە کە زۆربەی ئەو پاڵەوانانەی کە دەتانەوێ زیندویان بکەنەوە بەکەڵک ئەم سەردەمە نایەن و مێشکی نەوەی نوێشیان پێ تێک مەدەن. باوی کۆمەڵگەی یەک نەتەوە و یەک ئایدلۆژیا و یەک دین و یەک حیزب نەما. قەیرانێک هەیە هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە هیچ بیروڕایەک بەتەنها ناتوانێ لەو قەیرانە دەرچێ دینیش بە گشتی دابراو نیەو لە مێژە لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا دارمایە، ناتوانێ تاکی دەست پاک و راستگۆ بەرهەم بێنێ. هۆی ئەوە دەهێنەوە کە دەسەڵاتیان نەگرتۆتە دەست، بۆیە ئەمن تێناگەم ئەدی کاریگەری ئەو هەموو مزگەفتە چیە؟ ئەوە دەسەڵات نەبێ چی دەسەڵاتە؟ دەکرێ ئێمەش هەوڵدەین یاسایەک دابین بکەین بە یەکسانی کۆمان بکاتەوە و خۆشەویستی چڵک و قرێژی،ناخ و دار دیوارەکانمان رامالێ.

ئەمن بەر لەوەی قسە لەسەر داعش بکەم حەزدەکەم ئاماژە بە شتێک بکەم ئەویش ئەوەیە کە گەورەترین کێشەی دینی ئیسلام ئەوەیە کە ناتوانێ خۆی یەکلابکاتەوە،ئەمن وا هەست دەکەم دەیان کوشتارگەیتر بە دوایی خۆی دادێنێ، کەس نازانێ کەی ئامادەیی تێدا دەبێت و خۆی یەکلابکاتەوە .جا ئایە وەک بیری کۆمەنیست توشی دارمان دەبێت و لەناو دەچێت؟ یا خود دەگەرێتەوە سەر کارە سەرەکیەکەی خۆی کە دروست بونی پەیوەندی مرۆڤ و خوایە، بێ ئەوەی تێکەڵ بەوانیتر بێ، مەبەستم ئەو بروایەی ئیسلامەیکانە کە دەڵێن خوا دادوەرە و هەر ئەو کاری خۆی باش دەزانێ واتە ئەوان تێکەڵی یاساکانی سەر زەوی نابن. لەبەر ئەوە هەست دەکەم ئیسلامیەکان ئەوانەی دژی سەلەفیەکان بیردەکەنەوە بەرپەسیاریەتی ئەوەیان بدریتێ کە بێن بیروباوەرەکەی خۆیان بپارێزن. پێویستە ئەوانەی وەک سەلەفی بیردەکەنەوە راکێشنە سەر مێزی گفتوو گۆ، نەک خەڵکانیتر هۆیەکەشی دیارە کە بەیەک زمان قسە دەکەن و شارەزان لەو بوارە، ئەوەی من تێبینیم کردبێ ئەوانەی باوەریان بە دینی ئیسلام هەیە و ئەوانەی باوەریان پێنیە لەبەر ئەوەی هەڵگری بریاری پێشووەختن بەداخەوە ناتوانن گفتوگۆ بکەن.

با ئەو قسەیەش بکەم ئەگەر کەمێک قورسیش بێت، ئەوەندی کە لە دژە دین و دیندارەکانم خوێندیتەوە هەستم کردیە دژە دینەکان زیاتر خزمەتی دینیان کردیە وەک دژایەتی دیندارەکانیش زیاتر خزمەتی دژە دینەکانیان کردوە لەبەر ئەوەی هەردوکیان لە جیاتی گەیاندنی زانیاری، پشت بە کولتوری قبولنەکردنی ئەویترو ناشیرنکردنی دەبەستن.

ئەمن ناتوانم پێشنیار بکەم بۆ خەڵک، بەڵام لەبەر ئەوەی لەگەران و خوێندنەوەی خۆم گەیشتومەتە چەند دەرئەنجامەک یەکێک لەوانە ئەوەیە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی ساغ و دروست پێکبێ وا باشە ئەو یاسا و رێسایانە هەڵگری، ئەو تایبەتمەندیە بن، بانزیکتر بکەومەوە لە باسەکە مەبەستم ئەوەیە ئیسلامیەکانی کوردستان بە جیا لە ئیسلامیەکانی وڵاتانیتر وەرگیرێن، دەزانم تا وڵاتی ئێمە خاوەن ئەو دەسەڵاتە نایەکسانی خوازە بێ و سەربەخۆی نەبێ لەبەرێوبردنی وڵات و تازە نیازی وابێ دامەزراوەی دەوڵەت بکات بە حیزب، ئەو پرۆژانەشی قبوڵ نیە کە بەختەوەری خەڵکی تێدایە، بەتایبەتی پرۆژەی پێکەوە ژیان،

تۆ بەس لەو ماوە کورتەی دوایی سەیر بکە بۆ خۆی باوەری بە ئیسلام و جەژن نیە کە چی شەنگال و کۆبانێ دەکات بە بیانوو، خۆ دەتوانی ئاسانتر خۆت یەکلایی بکەیتەوە، بەس دیسان ئەگەر مرۆڤ ئارامتر بیر بکاتەوە بۆ جەژن نەکرێ؟ ئایە زیانی بۆ کەس هەیە؟ باشە ئەدی ئێمە شەرمان لەسەر ئەوە نیە کە ئەوانیتر ئاسودە بن؟ کەواتە لێیان گەرێ. ئەمنیش ئەو برادەرانەی کە دەیان ناسم پێیان دەڵێم بەرێزان جەژنتان پیرۆز بێ، بەڵام وەک تکایەک ئاژەڵ لەبەر چاوی منداڵەکانتان سەر مەبرن چونکە نەک هەر حالەتەکی ناشارستانیە بەڵکو کاریگەری خراپیشی لەسەر دەرونی منداڵانی خۆتان ودەر و دراوسێ دەبێ، ئەو داوایەش مافێکی سەرەتایی ئازادی تاکە، کەرێزگرتنە لە ئازادی ئەوانیتر، ئەگەر دەشیانەوێ با بۆ سەربرینی ئاژەڵ داوای شوێنێکی تایبەت بکەن، ئەوە مافێکی رەوای خۆیانە و دەبێ رێز لە داواکەیان بگیرێ.

کەمێک دوورتر دەکەوینەوە، چەندان ساڵە دەڵێین دەسەڵاتی تورک و فارس و عەرەب کەیفیان بە ئێمە نایێت؟ باشە ئەوە لەوان گەیشتین بەڵام تۆ چیت کردووە تا خۆتیان لێ بپارێزیت، لەو لایە ناوبژیوانت ئێرانە، قوڵت لێهەڵکردووە وا عێراقی بۆ دروست دەکەیتەوە وکۆبونەی ئاشتەوایی لە هوتێلە پێنج ئەستێرەکانی خۆت بۆ دەکەیت، منداڵیش ئەوە دەزانێ بانک وەگەرخستنی بازارە کەچی تۆ لەجیاتی پارەکە بخەیتە بانکەکانی خۆت و بازاری هەرێمەکەی خۆتی پێ ببوژێنیتەوە ئەوە پارەت خستۆتە بانکی تورکی، هەر دەستی دۆستایەتیشیان بۆ درێژ دەکەین بۆ؟ دەبێ قسەی ئەو کابرایەی موساد راست بێ کە دەڵێ: کورد نایەوێ دڵی دوژمنەکانی لە خۆی برەنجێنێ.(**بروانە موساد لە عێراق و وڵاتانی دراوسێ**)، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە دەسەڵات و حیزبەکان وابیردەکەنەوە، ئەی بۆ ئێمە وەک تاک بۆ وا بیردەکەینەوە؟ ئەگەر چاو بە راگەیاندنەکاندا بخشێنیت پر لەو جۆرە رەخنە و تێبینیانەیە کە چۆن دوژمنەکانمان پیلانمان بۆ دادەنێن و دیانەوێ ئارامیمان لێ بشلەژێنن، دەبێ دووبارە بەبیری بێنیەوە چاوەکەم ئەدی نەمان گووت ئەوان دوژمنمانن؟ ئەدی کاری دوژمن چیە؟ ئایە دەتەوێت دوژمن وڵاتت بۆ ئاوەدان بکاتەوە؟ خواردن و کەلوپەلی چاکت بۆ بنێرێ؟ ئەوە تۆیت بە پارانەوە دەتەوێت دوژمنەکەت میهرەبان بێت و بەبەردەوامی لە جیاتی هێرش بردن کەچی بیر لە چۆنیەتی خۆپارێزتن دەکەیتەوە.

ئێمە زۆر دوور نەکەوینەوە، نمونە لە دنیا زۆرە، بەڵام کۆبانێ بۆمن سەرنج راکێشە کە ویستی گەل پیلانێکی جیهانی تێکدەشکێنێ، ئەو مرۆڤە جوانانە بە دنیایان سەلماند ئەگەر ئێوە نیازتان نیە دان بە ماف وئازادیمان دا بنێن ،ئەوە بەبەرگری و قوربانیەکانمان شەرمەزارتان دەکەین لە ئاست شەقامی خۆتان ،بەڵام ئەوەی پرسیارە ئایە دەسەڵاتی باشوور سود لەو وانانە وەردەگرێت؟ بێگومان نەخێر، چونکە خاوەن بریاری سیاسی سەربەخۆ نین، ئەو دەسەڵاتانە کە لەدنیادا لەبریاری سیاسی سەربەخۆن هەمیشە چەندان پلانیان هەیە ئەو نا ئەوی دیکە، تۆ سەیری کەرکوک بکە ئەوەی سەرەتایی ئەلف وبێی سیاسەتی خوێندبێت لەوە دەگات کە ئەو شارە بۆتە قوربانی ئەو نا سەربەخۆیەی کە من باسی دەکەم دەنا چارەسەر کردنی زۆر ئاسانە و زۆرینەی خەڵکیش پلانی دوو، سێ هەیە، هاوڵاتیەکی کەرکوکی ئەوها بارودۆخ و چارەسەرەکەی بۆ باس کردم کە چۆن ئەو شارە دەپارێزرێ و لە دەرفەتێکی گونجاویش دەگەرێندرێتەوە سەر هەرێم و چۆن پێگەی کوردیشی پێ بە هێز دەکرێ (دروستکردنی حیزبێک تایبەت بە کەرکوک و بە بەرنامەیەکی کوردستانی، جا هەر ناوێک بیت تۆ بڵێ پارتی ئازادی کەرکوک ،سەرکردایەتیەکی سەربەخۆی بۆ دابنێ و بارگەکانی حیزبەکانی دیکە لەو شارە دابخە، سوپایەکی یەکگرتوو، یاسا و رێسایەک کە مافی گشت لایەک وەک و یەک بپارێزی ومەجلسی پارێزگا لە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و هەتا دوایی، ئایە بارودۆخەکە ناگۆردرێ؟ ئایە ژیانی خەڵکە بەرەو باشتر ناروات؟ تۆ سەیر بکە هەموو ئەو شوێنانەی کە ململانێ حیزبی تێدایە توشی چ ماڵ وێرانیەک بوینە. گەر بێتوو لێم بپرسیت بۆ نابێت؟ دووبارە دەبێ پیت بڵێم ئەوانەی کە ئاواتەکانی ئەنفەرە و بەغدا دەهێنە دی ئەوە پاڵەوانەکانی پارتی و یەکێتین، کە ریگایەکیتریان نیە بۆ چارەسەرەرکردنی دۆزی کورد جگە لەوەی کە دوژمن بۆیان دادەنێن).

هاوڵاتیە کەرکوکیەکە زۆر قسەیتریشی کرد کە دڵنیامە زۆربەی ئەو قسانە گەیشتونەتەوە ئەو دەسەڵاتە بەڵام بۆ کارێک ناکات ئەوە بۆ خۆتان وەڵامەکەی دەزانن، دەنا ئەو هەموو تەقینەوە و ماڵ وێرانیەی ئەو شارە وێژدانی دەهەژاندن و هەنگاوێکیان دەنا بۆ راگرتنی ئەو هەموو خوێنە، دیارە پەشێو لە مێژە ئەو ئاسانکاریەی بۆ کردوین کە دەڵێ : "مرۆڤی کورد زەلیلە ،باشترین نمونەش بۆ زەلیلی تاکی کورد ،سەرکردەکانمان".

خەڵک لە قسە سواوەکان بێزار دەبن و دەرئەنجامیان دەوێ، ئەو رۆژە لە بەرنامەیەکی تەلەفیزۆنی کە پێیان زۆر سەیربوو کە کۆمەڵەک گەنجی یەهودی لە ئیسرائیلەوە کۆچیان کردبوو بەرەوە ئەلمانیا و ئەوەی سەرنجی پێشکەشکارەکەی راکێشابوو بۆ بەرلینیان هەڵبژاردبوو؟ بەڵام ئەوەی کە گەنجەکانی لە وڵاتەکەیان بێزار کردبوو وشەی بارودۆخ بوو .

ئەمن دڵنیامە رۆژێک دادێ کە خەڵکی ئێمەش لەو قسە بێمانایانەی دەسەڵاتی سیاسی و هەندێک بەناو شیکاری سیاسی بێزار دەبن کە ئیرادەی گەل پشتگوێ دەخەن و هەموو تاوانەکان دەخەنە مل تیئوری پیلانگێری، کە ئەگەر بەخۆداهاتنەوەیەک نەبێ ئەوە کاریگەریەکی زۆر خراپی دەبێ، راستە تائێستا ئەوەی کە یارمەتی ئەو بارودۆخەی ئێمەی داوە نەزانی دوژمنەکانمانە کە شێوەی دژایەتی کردنیان زۆر کۆنە، دەنا بۆ نمونە ئەگەر وەک فەرەنسیەکانیان بکردبا کە چۆن ماڵەیان لەگەڵ تونس و جەزائیر و هەتا دوایی، کرد ئەوە کوردیش خۆی لە ماڵی دوژمنەکانی دەدیتەوە بە ئازادی خۆی.

بەداخەوە ئەوانەی کە دژی دەسەڵاتیش دەنوسن ئەو بابەتانە دەوروژێنن کە دەسەڵات دەیەوێ قسەیان لەسەر بکرێ، بۆیە نەبوونی هاودەنگی نەبوونی دەرئەنجامە.

دەکرێ هەوڵی لێکتێگەیشتن بدەین و بە پرسیارە لاوەکیەکان خۆمان خەریک نەکەین،نەوەیەک دێ و وریایە ئەو بۆشایە لە نێوان ئێمە و ئەقل دەبینێ.

**شوان حەسەن**

shwanhassan@hotmail.com

# پێویستە ئاورێک لە کێشەکانی گەنجان بدرێتەوە

قۆناغی گەنجی گرنگترین قۆناغەکانی تەمەنە کە مرۆڤ پێیدا تێپەڕ دەبێ و هەست بە سەربەخۆیی دەکات، ئەو کاتە دەست پێدەکات کە پشت بەخۆی دەبەستێ لە دابینکردنی پێداویستییەکانی و هەوڵی بەدەستهێنانی باشترین شێوازی ژیان دەدات، بۆیە دەبێ بایەخێکی زۆر بەم قۆناغە بدرێ، چونکە گەنجان بناغەی سەرەکی بونیادنانی کۆمەڵگەکان و هۆکاری پاراستنی ئاستی زانستی و کۆمەڵایەتین و هۆکاری سەرەکین بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکان، تایبەتمەندی ئەم قۆناغەی تەمەن ئەوەیە کە بە گۆڕان و گەشەکردنی جەستەیی و بیرکردنەوەو فیکری تێدەپەڕێ و کێشەگەلێکی زۆریشی تێدا بەرچاو دەکەوێ کە پێویستە بەگرنگییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ بۆ ئەوەی گەنجان بتوانن رۆڵی خۆیان لە کۆمەڵگە بەجوانترین شێوە ببینن، گرنگترین ئەو کێشانەی کە لەم قۆناغە رووبەڕووی مرۆڤ دەبنەوە بریتییە لە دۆزینەوەو دیاریکردنی ئاستی بیرکردنەوەی فیکری و ئەخلاقی کە بەشێوەیەکی گشتی هەڵسوکەوتی لە کۆمەڵگە نیشان دەدات بە کەسێکی چالاک و بوێرو خاوەن رەوشتی بەرزو جوان دەردەکەوێ یاخود بە کەسێکی خراپ و بەدڕەفتار دەناسێنرێ، ئەمەش پەیوەستە بە ئاستی پەیوەندی نێوان تاک و خوداو ژیان و کۆمەڵگە.

خوێندن یەکێکە لەو هۆکارەکانەی کە گەنجان بۆ دیاریکردنی ئامانج و زانینی رێگەی دوارۆژیان پشتی پێ دەبەستن، ئەگەر واز لە خوێندنیش هێنرا ئەوە بیرکردنەوەکان تووشی پەرتەوازەیی دێن و ئاراستەی هەڵسوکەوت و ئەخلاقی زۆرکات دەگۆڕێ و دەبێتە هۆی زیادبوونی رێژەی تاوان لەبەرئەوەی شتێکی بەسوود نییە تا گەنج کاتە بەتاڵەکانی پێ پڕ بکاتەوەو ئاسۆی دوارۆژی روون بێ، جگە لەوەی گەنج تووشی کێشەی دەروونی دەبێتەوە ئەگەر خولیای خوێندنی هەبێ و بەهۆکاری جۆراوجۆر دەستبەرداری بێ، ئەم هۆکارانەش تێکچوونی باری دەروونی زیاتر دەکەن و لە ئەنجامدا تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی دەبن دیارترینیشیان توندوتیژی کۆمەڵایەتییە.

کێشەیەکی دیکەی گەنجان بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکانە کە دیارترین کێشەیە لە زۆربەی کۆمەڵگەکان بەدەست زیادبوونی رێژەی بەکارهێنان و ئالوودەبووانی ئەم مادادانەوە دەناڵێنن، هۆکارەکانیش زۆر روون نییە، بەڵام رێژەی ئالوودەبوونی هۆشبەرو کحوول رووی لە زیادبوونەو پێویستی بە چارەسەری ریشەییە بۆ ئەوەی پێکهاتەی سەرەکی کۆمەڵگە لە داڕووخان و لەناوچوون بەو هۆکارە رزگار بکرێن.

کۆچکردن و ئاوارەبوون بۆ دەرەوەی وڵات هۆکارێکی دیکەیە، چونکە گەنجان پێیان وایە کە یەکێکە لە چارەسەرە سەرەکییەکانی کێشە داراییەکانی، بۆیە هەموو هەوڵێکی ئەخاتەگەڕ تا بگاتە ئەوڕوپا، ئەمەش هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی تواناو داهێنانەکان کە لە بەرامبەر داهاتێکی دارایی کە کۆمپانیاکانی دەرەوە پێشکەشی دەکەن.

نێرگەلەکێشانیش کێشەیەکی دیکەیە رووبەڕووی کۆمەڵگە بۆتەوە، چونکە گەنجانی جگەرەکێش روو لە زیادبوونن و ئەمەش زیانێکی زۆر گەورە بە گەنجان و کۆمەڵگەش دەگەیێنێت.

لەم باسەی سەرەوە دەردەکەوێ گەنج ئەو هێزو بازووەیە کە پێشکەوتنی کۆمەڵگە پشتی پێ دەبەستێ لە هەموو روویەکەوە، بۆیە پێویستە چارەسەری بنەڕەتی و ریشەیی بۆ کێشەکانیان بدۆزرێتەوە نەک چارەسەری سڕکەرو کاتی و لەبیربردنەوەی کێشەکان، بۆیە دەبێ گفتوگۆ لەگەڵ گەنجان بکرێ بۆ زانینی چۆنیەتی دۆزینەوەی چارەسەرو ئامۆژگاری کردنیان بەشێوەی رێگەنیشاندان بۆ ئەوەی گەنجان لێی تێبگەن و بتوانن بەباشترین شێوە جێبەجێی بکەن تا ئەو کێشانە لەسەر یەک کەڵەکەنەبن.

**محەمەد نەجات**